ووتی: (الله ویستی لەسەر بێت وتۆ ویستت لەسەر بێت)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا منت کردە هاوتا وهاوبەشی خوای گەورە؟ بڵێ: (تەنها ویستی الله ی لەسەر بێت)

لە ئیبن عەباسەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- دەڵێت: پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، قسەی لەگەڵدا کرد سەبارەت بە هەندێك شت، ووتی: (الله ویستی لەسەر بێت وتۆ ویستت لەسەر بێت)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئایا منت کردە هاوتا وهاوبەشی خوای گەورە؟ بڵێ: (تەنها ویستی الله ی لەسەر بێت)».

[ئیسنادەکەی (حەسەن - باش)ە] [(ابن ماجه والنسائي -له الكبرى- وأحمد) ڕیوایەتیان کردووە]

پیاوێک هات بۆ لای پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- سەبارەت بە بابەتێك قسەی لەگەڵدا کرد، ووتی: (الله ویستی لەسەر بێت وتۆ ویستت لەسەر بێت)، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نکۆڵی لێکرد لەسەر ئەم قسەیە، وپێی فەرموو کە باسکردنی ویستی خوڵقێنراو لەگەڵ ویستی الله بە پیتی (و) شیرکی بچووکە، ونابێت مسوڵمان ئەمە بڵێت، پاشان ڕێنموێنی کرد بۆ قسەی ڕاست وهەق ئەویش ئەوەیە بووترێت: (تەنها ویستی الله ی لەسەر بێت)، کە بەتاکدانانی الله یە لە ویستیدا، نابێت ویستی الله باس بکرێت لەگەڵ ویستی یەکێکی تر بە بەکارهێنانی پیتی (و) ؛ چونکە ئەم ئامرازە بۆ هاوئاستی ویەکسانی بەکاردێت، و بەکارهێنانی هەر جۆرە دەستەواژەیەکی تر کە هەمان ئەم مانایەی هەبێت ؛ نەهی لێکراوە.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5928